داخستنی سێ نۆرینگ و تاقیگەیەکی پزیشکی لە سەران



بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سەران رایگەیاند، لیژنەی پشکنین و بەدواداچوون لە ناوەندی سەران سێ نۆرینگە و تاقیگەیەکیان داخستووە، بەهۆی بوونی دەرمانی قاچاغ و بەهەڵەتی و کارکردنیان بووە پێچەوانەی ڕێنماییەکان.

ئەمڕۆ سێشەممە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سەران لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردووە، لیژنەی پشکنین و بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سەران بە هاوبەشی لێگەڵ قائیمقامیەتی سەران ، بەڕێوەبەرایەتی KMCA، سەندیکای دەرمانسازان، ئاسایشی سەران و نوێنەری داواکاری گشتی سەردانی دەرمانخانە و نورینگ و تاقیگەکانی قەزای سەرانیان کرد.

ئاماژە بەوەکراوە، لەو بەسەرکردنەوانەیاندا دوو نۆرینگیان بەهۆی نەبوونی مۆڵەت و پابەندنەبوون بە ڕێنمایی وەزارەتی تەندروستی و هێندێک دەرمانی قاچاغیش دەستیان بەسەردا گیرا و ڕێکاری یاسای بەرامبەریان دەگیرێتە بەر.

بەپێی لێژنەکەی نێرینگیەکی دیکەی پزیشکیان داخستووە، بە ناونیشان بووە، ئەوەش جێبەجێنەکردنی رێنمای وەزارەتی تەندروستی و پابەند نەبوون بە رێنمای سەندیکای کارمەندانی تەندروستییە.